خوای گەورە زانست ناباتەوە بە دەرهێنانی (لە دڵی) خەڵکیدا، بەڵکو زانست دەباتەوە بە مردنی زانایان

لە عبداللە کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «خوای گەورە زانست ناباتەوە بە دەرهێنانی (لە دڵی) خەڵکیدا، بەڵکو زانست دەباتەوە بە مردنی زانایان، هەتاوەکو ئەگەر هیچ زانایەکی نەهێشت، خەڵکی (کەسانی) نەزان دەکەن بە سەرداری خۆیان، پرسیاریان لێدەکرێت؛ بە بێ زانست فەتوا دەدەن، بۆیە گومڕا بوون وخەڵکیان گومڕا کرد».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: (خوای گەورە زانست ناباتەوە): مەبەست لێرەدا زانستی شەرعیە؛ قورئان وسونەت وئەوەی پەیوەندی پێیانەوە هەیە. (بە دەرهێنانی -لە دڵی- خەڵکیدا): واتا زانست دەرناهێنێت لە نێو خەڵکیدا وبەرەو ئاسمان بەرزی بکاتەوە. (بەڵکو زانست دەباتەوە): واتا بەرزی دەکاتەوە. (بە مردنی زانایان هەتاوەکو ئەگەر هیچ زانایەکی نەهێشت): واتا کاتێک خوای گەورە هیچ زانایەک ناهێڵێت؛ بە بردنەوەی ڕۆحیان. (خەڵکی -کەسانی- نەزان دەکەن بە سەرداری خۆیان): واتا دەیانکەن بە خەلیفە ودادوەر وموفتی وئیمام وشێخ، ولە هیچ شتێک نازانن لە زانستی شەرعی وئەو بەرپرسیارێتیە. (پرسیاریان لێدەکرێت؛ بە بێ زانست فەتوا دەدەن): واتا بە نەزانی وەڵام دەدەنەوە وحوکم دەکەن. (بۆیە گومڕا بوون): واتا خۆیان گومڕا بوون. (وخەڵکیان گومڕا کرد): ئەمیش دەبێتە هۆی ئەوەی نەزانین لە سەر زەویدا بڵاو ببێتەوە، وئەم فەرموودەیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە زانست هەڵدەگیرێتەوە، ولە سەر زەویدا هیچ زانایەک نامێنێت کە ڕێنمونێنی خەڵکی بکات بۆ ئاینی خوای گەورە، بۆیە حاڵی ئومەت بەرەو خراپبوون دەڕوات هەتاوەکو لە پاشاندا گومڕا دەبن.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10118